# کانی



ئارام ئەحمەد

دەمەوێ ببمە خاڵی پشکنینی سەر ڕێگای نێوان دڵ و چاوانت
نەکا قاچاغچییەکی دڵ ڕەق
خۆشەویستی دڵە بچکۆلەکەت بداتە کۆڵا و لە مەرزی چاوانتەوە ئاودیو بێ
لە گەڕانەوەدا باری تریاکی ڕق و کینە بهێنێ و
لە شاری لەشتا بە گەنجە دەمارەکانی بفرۆشێ
چۆن بتوانم وابکەم دوو فانۆسەکەی سەر سینگت هەمیشە گەشاوەبن ؟
چۆن بتوانم وا بکەم کانیەکان هەمیشە بە ڕوونی بمێنەوە ؟
چۆن بتوانم کارژۆلە نازدارەکانت لە ژێر سێبەری ترسی ئەم شمشێرە ڕیش ژەنگاوییە بلاوێنم ؟
زۆر ئەستەمە
نەهێڵم چۆلەکەکان بای ژەهراوی هەڵمژن ، کە خۆم ژەهر بم
زۆر سەختە وولاتی دڵت بپارێزم ، کەخۆم دز بم
من ناتوانم قوربانی لە ژێر ئازار رزگار بکەم
چونگە خۆم جەلادم
کە خۆم قاچاغچی بم ، ئیتر چۆن دەتوانم مەرزی چاوەکانت بپارێزم .

گوێتنگن
22.2.2007